**ژمارە :** 3854 **لە** 2013/9/11

## بــەيــان

**پشت بە حوكمی ماددەی (8)ی یاسای ژمارە (4) ی ساڵی 1999(یاسای بلاْوكردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی – وەقایعی کوردستان ) و لەبەرئەوەی رستەی (غيرالمنقوله) بە عەرەبی لە بڕگەی (1) لە ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 1993( یاسای كۆمەڵەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق ) لە کاتی بلاْوكردنەوەدا لە رۆژنامەی پەرلەمان ژمارە( 15) رۆژی 1993/10/31 پەڕیوە.**

**بۆیە بە باشمان زانی هەڵەكە راست بكرێتەوە و دەقی بڕگەی ناوبراو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

**1-تتمتع الجمعية التي تؤسس وفقاً لاحكام هذا القانون بالشخصية المعنوية ولها اَن تباشر جميع التصرفات التى لاتتعارض مع اهدافها ولها حق تملك الاموال المنقولة وغير المنقولة لتحقيق اغراضها.**

**بۆ ئاگاداری روونووسی (نسخه) یاساكە لە كاتی خۆیدا بەسەر وەزارەت و فەرمانگە حكومییەكاندا گشتێنراوە , وە هەروەها لە (بڕگەی دووەم) ی یاساو بڕیارەكانی پەرلەمانی ساڵی 1993 بلاْوكراوەتەوە و راست بووەو بە بێ هەڵە بووە بۆیە بە پێویستمان زانی ئاماژەی پێبدەین .**

**فرست احمد عبدالله**

**سكرتێری پەرلەمانی كوردستان- عیراق**